

# هەولێر لە پلەی (٣٥٢) باشترین یانەکانی جیهان دێت

هەفتەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ مێژوو و ئامار (IFFHS) ریزبەندی مانگانەی باشترین یانەکانی جیهان بۆ مانگی شەشی راگەیاند، لەم ریزبەندە تەنیا یەك یانەی عێراق بوونی هەیە ئەویش یانەی هەولێرە، کە لە ریزبەندی (٣٥٢)ی باشترین یانەکانی جیهان دێت، بە کۆکردنەوەی ٦٢ خاڵ و جیاواز لەگەڵ ریزبەندی مانگی پێنج یانەی هەولێر (١٦) پلە هاتووە پێش، مانگی رابردوو هەولێر لە ریزبەندی (٣٦٨)ی جیهان بوو، لەم ریزبەندە نوێیەدا یانەی هەولێر لە پێش گەورەترین یانەکانی ئەوروپا وەکو هامبۆرگ ئەڵمانی و وێست هام-ی ئینگلیزی و ویگان ئینگلیزی و مایۆرکای ئیسپانی و لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمەریکی و چەندین یانەی تری ئەفریقیا و ئەمەریکای باشوور و ئەوروپا دێت، هەر لە هەمان ریزبەندا یانەی هەولێر لە پلەی (٣٠)یەم باشترین یانەکانی ئاسیا دێت و لە پلەی (٢٢)ی باشترین یانەکانی عەرەبی دێت.

جێگەی باسە ئەم ریزبەندە پشت بە ئەنجامی یانەکان لە خولەکانی وڵاتەکانیان و پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان وەك خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جامی یەکێتی ئەوروپا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا و جامی یەکێتی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای باکوور دەبەستێت.

## بەسەرپەرشتی راهێنەرێکی بەریتانی
## یانەی هەولێر خولێکی راهێنەران بۆ منداڵان دەکاتەوە

هەفتەی رابردوو لە یاریگەی دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری و بە سەرپەرشتی راهێنەری بەریتانی شاکێل ئەللاد یانەی هەولێر خولێکی راهێنەری بۆ منداڵانی شاری هەولێر کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵێك یاریزان بۆ داهاتوو پێبگەیەنێت بۆ ئەوەی یانەی هەولێر لە دوا رۆژ سوودیان لێ وەربگرێت.

لەمبارەیەوە مەحموود عەزیز، سکرتێری یانەی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەتدا گوتی: بۆ ئەوەی بتوانین یاریزان بۆ دوا رۆژ پێبگەیەنین، بڕیارمان دا خولێکی راهێنەران بۆ منداڵانی شاری هەولێر بکەینەوە، لەم خولە راهێنەرێکی بەریتانی خۆبەخش کار لەگەڵ ئەم منداڵانە دەکات، ئەم راهێنەرە خاوەن بڕوانامەی نێودەوڵەتییە لە راهێنەرایەتی و ناوبژیوانی و شارەزاییەکی باشی لە بواری پێگەیاندنی منداڵان هەیە، بۆیە چاوەڕوان دەکەین سوودێکی زۆر لەم راهێنەرە وەربگرین و هەوڵ دەدین ئەم خولە بەردەوام بێت، وەکو دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر هەموو پێداویستییەکان بۆ ئەم راهێنەرە دابین دەکەین بۆ ئەوەی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت.

**فۆتۆ: ئیسماعیل رەئوف**





# پێشمەرگەی سلێمانی بووە پاڵەوانی کاراتێی کوردستان

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی کاراتێی کوردستان بە هاوکاری لقی سلێمانی یەکێتیەکە لە شاری سلێمانی لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانێتی کاراتێی یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا، کە تێایدا هەریەك لە یانەکانی (پیشەسازی، کرێکاران، پێشمەرگەی سلێمانی، خاك، سیروانی شارەزوور، کەرکووك، ئاشتی کەرکووك، چەمچەماڵ، پیرەمەگرون، سەیدسادق، هەڵەبجە، شۆڕیجە، سۆلاقی نوی، سەورە، ئاشتی سلێمانی) بۆ هەردوو جۆری کاتا و کۆمیتە، لەسەر ئاستی یاریزانانیش لە ٨ بۆ ١٠ ساڵ بۆ جۆری کاتا، لە ١١ بۆ ١٣ ساڵ بۆ جۆری کاتا و کۆمیتە، کە ٧ کێش پێشبڕکێیان دەکرد، لە ١٤ بۆ ١٥ ساڵ بۆ جۆری کاتا و کۆمیتە لە ٦ کێش پێشبڕکێیان دەکرد، لە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانان ئاستێکی بەرزیان پێشکەشکرد، ئەنجامی کۆتایی تیپەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١- پێشمەرگەی سلێمانی ٨٤خاڵ، ٢-یانەی ئاشتی سلێمانی ٦٢خاڵ، ٣-یانەی سیروانی شارەزوور ٤٧خاڵ، ٤-یانەی خاك ٤٢خاڵ، ٥-یانەی چەمچەماڵ ٣٩خاڵ.



# خولێکی تۆپی پێ بۆ یانەکانی شاری هەولێر لەسەر ئاستی بەچکەشێران کرایەوە

هەفتەی رابردوو لە شاری هەولێر پاڵەوانێتی یانەکانی شاری هەولێر بۆ تۆپی پێ لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی لقی هەولێر بۆ بەچکەشێران کرایەوە، بە بەشداری کردنی شەش یانە، ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر أ، هەولێر ب، جیهان، هەندرێن، بنکەی وەرزش و لاوان، پێشمەرگەی هەولێر) ئەم شەش یانەیە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کراون، کۆمەڵەی یەکەم لە یانەکانی (هەولێر أ، بنکەی وەرزش و لاوان، جیهان) پێکهاتووە و کۆمەڵەی دووەم لە یانەکانی (هەولێر ب، پێشمەرگەی هەولێر، هەندرێن) پێکهاتووە لە هەر کۆمەڵێك دوو یانە بۆ قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین سەردەکەوێت و رۆژانە یەك یاری بەڕێوە دەچێت و دەبێت یاریزانەکان لە لە دایکبووی (١٩٩٧) بەرەو سەرەوە بن.

مەبەست لەم خولە بەهێزکردنی ژێرخانی تۆپی پێیە لە شاری هەولێر، چونکە بایەخدان بەم یاریزانانە وا دەکات ئاستی تۆپی پێی لە شاری هەولێر پێش بکەوێت، وا بڕیارە لە ١٨ی ئەم مانگە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەڕێوە بچێت.

# یاریزانانی یانەی هەولێر لە دەست پێکان دەناڵێنن


بەهۆی پێکانەوە سێ یاریزانی یانەی هەولێر چارەسەری پێکانەکانیان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەکەن.

بەهۆی پێکان لە ئەژنۆی چەپ، یاریزان مەهدی کەریم رووی لە وڵاتی قەتەر کرد بۆ ئەوەی پێکانەکەی چارەسەر بکات، دوای ئەوەی پزیشکی تایبەتمەند سەیری پێکانەکەی مەهدی کەریم-ی کرد. بڕیاریدا نەشتەرگەری بۆ یاریزان مەهدی کەریم نەکات و لەم چەند رۆژی داهاتوو یاریزانی ناوبراو دەگەڕێتەوە شاری هەولێر بۆ ئەوەی بەشداری لە مەشق و یارییەکانی یانەی هەولێر بکات.

لە لایەکی ترەوە بەهۆی پێکان لە ئەژنۆی یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی هەولێر، «ئەحمەد ئیبراهیم» نەشتەرگەری لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ئەنجامدا دوای ئەوەی نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو، وا چاوەڕوان دەکرێت یاریزانی ناوبراو لە ماوەی ٢ تا ٣ هەفتە بگەڕێتەوە نێو مەشق و یارییەکانی یانەی هەولێر.

لە هەمانکاتدا یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی هەولێر «ئاوس ئیبراهیم» بەهۆی پێکان لە ئەژنۆی چەپ رووی لە وڵاتی لوبنان کرد بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم یاریزانە لە ماوەی ٣ هەفتەدا بگەڕێتەوە نێو مەشق و یارییەکانی یانەی هەولێر.

جێگەی باسە جگە لەم سێ یاریزانە، سێ یاریزانی تری یانەی هەولێر لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن ئەویش هەریەکە لە محەمەد گاصد و مستەفا ئەحمەد و سەعد عەبدولئەمیر.






## مۆرینهۆ کاپتنی یانەی ریال مەدرید دەگۆڕێت

لە راپۆرتێکیدا رۆژنامەی مارکای ئیسپانی کە نزیکە لە سەرچاوەکانی هەواڵ لە یانەی ریال مەدرید ئەوەی ئاشکرا کرد کە خۆزی مۆرینهۆ راهێنەری یانەی ریال مەدرید داوای گۆڕینی کاپتنی یانەی شاهانە دەکات، کە ئێستا گۆڵچی بەناوبانگ ئیکەر کاسیاس ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە، رۆژنامەکە ئەوەی دووپات کردەوە کە لەکاتی ئەوەی مۆرینهۆ لەگەڵ یانەکانی چێلسی و ئینتەرمیلان کاری کردووە، هەردوو یاریزانی بەرگریکار جۆن تێری و خافێر زانێتی کاپتنی یانەکان بوون کە ئەوان گۆڵچی نەبوون، رۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کە مۆرینهۆ لە گفتوگۆکردن دایە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانە و ئیکەر کاسیاس بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە، واچاوەروان دەکرێت یەك لە هەردوویاریزان سیرجیۆ رامۆس یان زاڤی ئەلۆنزۆ بکاتە کاپتنی یانەی شاهانە لە شوێنی ئیکەر کاسیاس.

لە لایەن خۆیەوە تۆری کەناڵ سپۆرت هۆکارەکانی ئەم داواکارییەی مۆرینهۆی ئاشکرا کرد، بە پێی راپۆرتی کەناڵ سپۆرت عەقلییەتی راهێنەر مۆرینهۆ پێی باش نییە کە کاپتنی تیپەکەی دوا یاریزان بێت لە یاریگا، چونکە هیچ کاریگەری لە سەر هێلی ناوەڕاست و هێرشبەر نابێت، مۆرینهۆ پێی باشە کاپتنی یانە یاریزانێکی بە جوولە بێت نەك یاریزانێك بێت کە لەژێر ستوونی گۆڵ بە درێژایی کاتی یارییەکە دەوەستێت.

## رۆنالدۆی گەورە.. نیمار لە میـ

یاریزانی ئەستێرە و دیاردەی بەرازیلی رۆنالدۆی گەورە رایگەیاند کە یاریزانی لاوی یانەی سانتۆس و هەڵبژاردەی بەرازیل نیمار داسیلڤا دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان و بە پێش هەردوو یاریزانی ئەستێرە لیۆنیل میسی ئەرژەنتینی و کریستیانۆ رۆنالدۆی پورتوگالی دەکەوێت، نیمار کە تەمەنی تەنها ١٩ ساڵە، جێگای بایەخی یانە گەورەکانی ئەوروپایە بەتایبەتی یانەی ریال مەدرید



## دوو پاڵەوانی تازە



لە شاری لەندەن یارییەکانی پاڵەوانییەتی ویمبلدۆنی کراوە لە یاری تێنسی سەر زەوی کۆتایی هات کە لە یاریگا چیمەنەکان ئەنجام دەدرێت، یاریزانی سیربی نۆڤاك جۆکۆڤیج لە سەر ئاستی پیاوان و کچە یاریزانی چیکی پیترا کڤیتۆڤا لە سەر ئاستی ئافرەتان نازناوەکەیان بۆ یەکەمجار لە ژیانی وەرزشیاندا بەدەست هێنا و کۆی خەڵاتەکانی ئەم پاڵەوانەتییە دەگاتە ٢٤ ملیۆن دۆلار، لە یاری کۆتایی ئافرەتاندا کچە یاریزانی کۆماری چیك پیترا کڤیتۆڤا رووبەڕووی کچە یاریزانی روسی شۆخ و شەنگ ماریا شاراپۆڤا بۆوە، لەدوای ئاستێکی بەرزەوە، کڤیتۆڤا بۆ یەکەمجار لە ژیانی وەرزشیدا نازناوەکەی بەدەست هێنا، دوای سەرکەوتنی بەسەر شاراپۆڤا بە دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٤، ٦-٣) بوو، لەدوای تەواو بوونی یارییەکە کڤیتۆڤا خۆشحاڵی خۆی بەم دەسکەوتە دەربڕی و دووپاتیکردەوە هیوادارە ئەم نازناوە دوا نازناو نەبێت و گوتی : پێویستە ئاستی خۆم بەرەو پێش ببەم بۆ ئەوەی بتوانم لە هەموو یاریگاکان یاری بکەم، من حەز لە یارییەکانی کۆتایی دەکەم لە هەمان کاتدا حەز لە ئەنجامدانی یاری زەحمەت دەکەم.

لە یاری کۆتایی پیاواندا کە یاری لوتکە بوو، پۆلینکاری یەکەمی پێشووی جیهان ماتادۆری ئیسپانی رافاییل نادال لە بەرامبەر پۆلینکاری دووەمی پێشووی جیهان یاریزانی سیربی نۆڤاك جۆکۆڤیج یاری کرد، لە یارییەکی مێژوویی یاریزان جۆکۆڤیج بۆ یەکەمجار لە ژیانی وەرزشیدا بووە پاڵەوانی ویمبلدۆن دوای ئەوەی بە سێ کۆمەڵە بەرامبەر کۆمەڵەیەك لە نادالی بردەوە،

## ـــسی و کریستیانۆ باشتر دەبێت

کە پێشتر یاریزان رۆنالدۆ یاری بۆ کردووە.
رۆنالدۆ لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی فۆلهای بەرزایلی گوتی : نیمار دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان بەڵام پێویستە خولی بەرازیل بەجێبهێڵێت و لە یانەیەکی گەورەی ئەوروپا یاری بکات.
هەروەها رۆنالدۆ گوتی :پێویستە نیمار سوود لە ئەزموونەکانی یاریزانەکانی پێشوو وەربگرێت، مانەوەی لە یانەی سانتۆس کوشتنی بە ئەنقەستی لێهاتوویی نیمارە، بەڵام رۆیشتنی بۆ یانەیەکی گەورەی ئەوروپا وای لێدەکات لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە باشترین یاریزانی جیهان، نابێ رۆیشتنی تەنها بۆ پارە بێت بەڵکو پێویستە بۆ پیشەگەری بێت، ئەگەر لە یانەی سانتۆس بمێنێتەوە ئەوە لەوانەیە پاڵپشت نەبێت بۆ بوونی بە ئەستێرەی یەکەمی جیهان.






## فێرگسۆن داوای شڤانیشتایگەر دەکات

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە ئینگلتەرا رایانگەیاند راهێنەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی سێر ئەلێکس فێرگسۆن داوای یاریزانی هێلی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرەن میونیخ باستیان شڤانیشتایگەر دەکات بۆ ئەم مەبەستەش بڕی ٣٠ ملیۆن پاوەندی تەرخانکردووە وەك بۆندێکی گرانبەها پێشکەش بە یانەکەی هەرێمی باڤاریا بکرێت.
راپۆرتەکان ئاماژەیان بەوەکردووە کە فێرگسۆن بە هیوای ئەوەیە هێلی ناوەڕاستی بەهێز بکات لە رێگای هێنانی یاریزانانی بەتوانا کە بتوانن گۆڵ تۆمار بکەن، ئەم لایەنەش لە لای یاریزانانی ناوەڕاستی یانەی شەیتانە سوورەکان مایکل کاریك و ئەندەرسۆن و گیبسۆن بەدی ناکرێت، یاریزان شڤانیشتایگەر یەکێکە لە ئامانجەکانی یانەی مان یونایتد لە گواستنەوەی هاوینەدا بە تایبەتی دوای دوورکەتنەوەی هەردوو یاریزانی هۆڵەندی ویسلی شنایدەر و یاریزانی کرواتی لۆکا مۆدریچ کە پێشتر لە لایەن فێرگسۆنەوە دەست نیشان کرابوون.
شایانی باسە یانەی مانچستەر یونایتد لە بازاڕی یاریزانانەوە تا ئێستا بە فەرمی بۆندی لەگڵ سێ یاریزان مۆر کردووە کە ئەوانیش هەریەك لە گۆڵچی دیڤید دی خیا و بەرگریکار فیل جۆنز و یاریزانی هێلی ناوەڕاست ئاشلی یۆنگ بوون، تا ئێستاش بڕی ٥٠ ملیۆن پاوەندی خەرجکردووە.

## لە ویمبلدۆنی ٢٠١١

ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٤، ٦-١، ١-٦،٦-٣) بوو، لەم یارییەدا ١٥ هەزار کەس ئامادەبوون لە نێوانیاندا سەرۆکی سڕبیا بۆریس تادیچ کە لە خۆشیدا لە شوێنی خۆی هەڵپەڕی دوای سەرکەوتنی جۆکۆڤیج، جۆکۆڤیچ بەم سەرکەوتنە توانی پلەی یەکەمی ریزبەندی باشترین یاریزانی جیهانی لە نادال وەربگرێتەوە، لەدوای یارییەکە خۆشی جۆکۆڤیج بێ وێنە بوو، تا گەیشتە ئەو رادیەی بەشێك لە چیمەنی یاریگاکەی خوارد، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا جۆکۆڤیچ دەربارەی ئەم رووداوە گوتی: من هەستم کرد وەك ئاژەڵێك وام، من ویستم تامی چیمەنەکە بکەم، تامەکەی تا رادەیەك خۆش بوو، ئەوە باش بزانن من پلانم بۆ ئەم رووداوە دانەنابوو، نەمدەزانی چیم دەکرد لەبەر خۆشی و حەماسەتەوە.
بە تەواو بوونی یارییەکانی پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن سێ پاڵەوانییەتی گراند سەلام لە کۆی چوار پاڵەوانییەتی کۆتایی هاتووە، پاڵەوانییەتی ئوستورالی کراوە پاڵەوانەکەی نۆڤاك جۆکۆڤیج بوو، پاڵەوانییەتی رۆلان گارۆس پاڵەوانەکەی رافایل نادال بوو، پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن پاڵەوانەکەی نۆڤاك جۆکۆڤیچ بوو، تەنها پاڵەوانییەتی ئەمریکای کراوە ماوە کە لەمانگی ئاب ئەنجام دەدرێت.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# بۆ یەکەمجار لە عێراق..
# پاڵەوانێتی بیسبۆڵی یانەکانی باکوور لە کەرکووک ئەنجامدرا

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بیسبۆڵ و سۆفتبۆڵی عێراق و بەهاوکاری لقی کەرکووکی یەکێتییەکە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە شاری کەرکوك لەسەر یاریگەی یانەی سەوره پاڵەوانێتی بیسبۆڵی یانەکانی باکوور و کوردستان بەڕێوە چوو، کە هەریەك لە یانەکانی (سەوره، قوش، شۆریجە، ئاڵتون کۆپری، قەرقوش) بەشدارییان تیاییدا کرد و پاڵەوانێتییەکە بە سیستەمی دەرچوون بە دوو دۆراندن بەڕێوە چوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی قەرەقوش و قوش گەیشتنە یاری کۆتایی، لە یاری کۆتایش یانەی قەرەقوش لە یانەی قوشی بردەوە بە ئەنجامی (٤-٠) گێم، لەم پاڵەوانێتییە یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد.

ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەییە بوو.

١-یانەی قەرەقوش.

٢-یانەی قوش.

٣- یانەی ئاڵتون کۆپری.

**فۆتۆ: حوسێن عەلی**



# عەدنان حەمەد گرێبەستی یانەیەکی قوبرسی ڕەتکردەوە



دوای ئەوەی توانی ئاستی تۆپی پێی یانەی فەیسەڵی ئوردەنی و هەڵبژاردەی ئوردەن بەرزبکاتەوە ڕاهێنەری بە ڕەگەز عێراقی عەدنان حەمەد گرێبەستێکی لە لایەن یانەی ئەبۆلۆنی قوبرسی پێگەیشت بۆ ئەوەی بچێتە وڵاتی قوبرس بۆ ئەوەی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی ئەم تیپە بکات. هەرچەندە راگەیاندنەکانی وڵاتی ئوردن ئەوەیان پشت ڕاست کردەوە، کە عەدنان حەمەد گرێبەستی لە یانەیەکی قوبرسی پێگەیشتووە بۆ ئەوەی مەشقی یانەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەم گرێبەستەش لە وڵاتی تورکیا پێشکەش کراوە، کە ئێستا عەدنان حەمەد لەگەڵ هەڵبژاردەی ئوردەن ئۆردوگایەکی مەشقی کردۆتەوە، لەلایەن خۆشیەوە عەدنان حەمەد داوای لێبوردنی کرد، کە ناتوانی هیچ گرێبەستێك مۆربکات، چونکە پابەندە بە گرێبەستی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئوردەن، تا کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٢ داهاتوو، لەمبارەیەوە یەکێتی تۆپی پێی ئوردەن متمانەی تەواوی بە تواناکانی عەدنان حەمەد هەیە لەو بڕوایەن هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بگەیێنێتە گەورەترین پاڵەوانێتییەکان و ئەنجامی باش بەدەستبهێنێت.

## پاڵەوانێتی پـ



## پڕۆژەیـ

هەفتەی رابردوو لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەك لە نێوان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و هەریەکە لە دکتۆر شامل کامل بەڕێوەبەری بەرنامەی پەرەپێدانی تۆپی پێی لە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و دکتۆر جەمال ساڵح پسپۆری تۆپی پێ ئەنجامدرا.

لەم کۆبوونەوەیە هەریەکە لە دکتۆر شامل کامل و دکتۆر جەمال ساڵح پڕۆژەیەکی گرنگیان پێشکەش بە یەکێتی تۆپی

## پاڵـ

بەسەرپەرشتی لقی سلێمانی یەکێتی تێنسی سەرمێزی کوردستان، لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە بەشداری هەریەك لە یانەکانی (سلێمانی، ڕانیە، پێشمەرگەی سلێمانی، رۆژ، سەرچنار، سیروانی نوی، ئاشتی، ئەفرۆدەیت) پاڵەوانێتی یانەکانی شاری سلێمانی بۆ تێنسی سەرمێز ئەنجامدرا، لەم پاڵەوانێتییە ٤٧ یاریزان بەشداریان کردبوو لەسەر ئاستی (خونچە، بێچوەشێران، تازەپێگەیشتوان) ململانێییان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە و ئەم پاڵەوانێتییە لەسەر ئاستی کوڕان وکچان بوو.



## ــــەروەردە گشتییەکانی هەرێم بۆ باسکە و بالە لە سلێمانی بەڕێوەچوو



لەژێر چاودێری سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە بەشداری پەروەردە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، بەشی خوێندنی کوردی لە پەروەردەی کەرکووك)، پاڵەوانێتی تۆپی باسکەی کوڕان و بالەی کچان لە شاری سلێمانی تەواو بوو.

لە یاری کۆتاییدا باسکەی کوڕان-ی هەردوو هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر و سلێمانی بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتن و لە یارییەکی بەهێزدا دوای یەکسان بوونیان بە هەشتا خاڵ، پەروەردەی سلێمانی بە ئەنجامی (٩٣-٩١) خاڵ یارییەکەی بردەوە.

لە یاری کۆتایی بالەی کچانیشدا هەڵبژاردەی کچانی هەولێر بە دوو گێم بەرامبەر یەك گێم لە هەڵبژاردەی کچانی دهۆکیان بردەوە.

جێگەی باسە لەم پاڵەوانێتییە شەڕ و پێکدادان لە نێوان یاریزانانی پەروەردەکان دروست بوو، لە ئەنجامیشدا چەند یاریزانێك بریندداربوون وجامی هۆڵەکەشیان شکاند.

## ــــەکی گرنگ پێشکەش بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرا

پێی کوردستان کرد، بڕیاردرا بە کردنەوەی ئەکادیمیای هەولێر بۆ تۆپی پێ بە ڕەزامەندی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، ئەم پڕۆژەیە پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بەمەبەستی ڕەزامەندی دەربڕینی حکومەت و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم پڕۆژەیە.

شایانی باسە ئەم دوو شارەزایەی تۆپی پێ گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان لەسەر پڕۆژەکەیان کرد بۆ ئەوەی بێنە شارەکانی کوردستان خزمەتی ڕەوشی وەرزشی هەرێمی کوردستان بکەن .



## ــــەوانێتی تێنسی سەرمێزی یانەکانی سلێمانی ئەنجامدرا

ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەی خوارەوە بوو.

**لەسەر ئاستی کچان**

**خونچەکان**

١-ئەوین عەلی (یانەی ڕۆژ)، ٢- سانا نەوزاد (یانەی ئەفرۆدیت)، ٣- لەنیا هێڤی (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)

**پێچوە شێران**

١-لانە هەلکۆ (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، ٢- سۆزان حاتم (یانەی ئەفرۆدیت)، ٣- ئەژی عەلی ( یانەی ئەفرۆدیت)

**تازەپێگەیشتووان**

١-کانی شەوقی (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، ٢- ژیکاڵ محەمەد (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، ٣-سکاڵا عوسمان (یانەی سەرچنار)

لەسەر ئاستی کوڕان

**خونچەکان**

١-ئەلەند ئیسماعیل (یانەی ئاشتی)، ٢- دیاکۆ عەلی (یانەی ئاشتی)، ٣-محەمەد عومەر (یانەی سلێمانی).

**پێچوەشێران**

١-مەبەست ڕەئوف (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، ٢-مورشید ئەحمەد (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، ٣-بەلێن سەلاّح (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی).

**تازەپێگەیشتووان**

١-باساك عەلی (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، ٢-محەمەد لاوە (یانەی سیروانی نوی)، ٣-شاد ئەبوبەکر(یانەی ئاشتی).

